Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090311

# ڕۆڵی کردە ئاخاوتەییەکان لە هونەری ڕازیکردندا

بدرخان سلیمان علی          هێمن کاکە حسێن

بەشی زمانی کوردی// کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی// زانکۆی سەلاحەددین

پوختە

بەشێک لە ئاخاوتنەکانمان بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی وەرگرە لەسەر بیرۆکەیەک یان کردەیەک کە ئەنجامی دەدەین، ئەم هەوڵەش پێی دەوترێ هونەری ڕازیکردن. یەکێک لەم لایەنانەی کە ڕۆلیان هەیە لە نزیکبوونەوەی وەرگر لە پەیامەکە بۆ ئەوەی بڕوا بە پەیامی نێرەر هەبێ و رەزامەندی وەرگر بەدەستبهێنرێ، کردە ئاخاوتەییەکانە، کە لەمیانی گفتوگۆ و ئاخاوتنەکانمان، بەکاریدەهێنین و گریمانەی پتری بەدەستهێنانی ڕەزامەندی وەرگری لێدەکرێ، چونکە لەگەڵ ئاخاوتندا کردەیەکیش ئەنجام دەدەین، بەشێک لەم کردانەش وەرگر پێی خۆشحاڵ دەبێ و بەهۆیەوە دەتوانین ڕەزامەندی وەرگر بەدەستبهێنین، بۆنموونە کردەکانی( بەڵێندان، سوپاسکردن، ستایشکردن، پێشوازیکردن...هتد) ڕاستەوخۆ ڕۆڵیان هەیە لە قەناعەتپێکردنی وەرگردا. بەدەسهێنانی ڕەزامەندیش هونەرێکە لە هونەرەکانی ڕازیکردن، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەچەندین شێوەی جیاوازو کەناڵی جیاواز. ئەم هونەرە بەکاردەهێنرێ لە پێناو بەرژەوەندی و خواستی نێرەر، چ لە ئاستی تاکدا بێ یان کۆمەڵ یان دامەزراوەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، بازرگانی...هتد بێ، ڕێگای جۆراو جۆرو کەناڵی جیاوازی بۆ خراوەتە گەڕ.

*Article Info*

Received: April, 2022
Accepted : June ,2022
Published :September ,2022

*Keywords*

ئاخاوتن، ڕازیکردن، پەیام، نێرەر، وەرگر.

*Corresponding Author*

badrkhan.ali@su.edu.krd
hemnlamasat@gmail.com

## پێشەکی

١- ناونیشان و بواری توێژینەوەکە: توێژینەوەکە بە ناونیشانی (ڕۆڵی کردە ئاخاوتەییەکان لە هونەری ڕازیکردن)دایە، بەمەبەستی تیشک خستنە سەر ڕۆڵی کردە ئاخاوتەییەکان لە ڕازیکردنی وەرگر وەک یەکێک لەم هونەرانەی بەکاردەهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی وەرگر.

٢- گرنگی توێژینەوەکە: گرنگی توێژینەکە لەوەدایە یەکێک لە کارە گرنگەکانی ئەمڕۆی جیهانی بازرگانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی... هتد بۆ گەیاندنی بیرۆکە و بەرهەم و کارو دەستکەوتەکانە بە کەسی بەرانبەر/ وەرگر/ ، گەیاندنی ئەم پەیامەش بەهۆی جۆراوجۆری و ئاڵۆزی پەیامەکانەوە، ئەرکی گەیاندنیش ئاڵۆز بووە، بۆیە کردەی ئاخاوتەیی یەکێک لەم ڕێگایانەیە، شیمانەی ئەوەی لێ دەکرێ گەیاندنی پەیامەکە ئاسانتر و زووتر بکا، بەمەش ڕێگایەکی باوترە وەک هونەرێک لە هونەرەکانی ڕازیکردندا.

٣- ئامانجی توێژینەوەکە: دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی کردە ئاخاوتەییەکانە لە کردەی زمانی و دیاریکردنی ڕۆلییانە لە هونەرەکانی ڕازیکردن و گەیاندنی پەیام و جێبەجێکردنی پەیامەکە لە هەمانکاتدا.

٤- سنوور و ڕێبازی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە ئاستی پراگماتیکدایە بە پێی تیۆری (شیکاری ئەرکی)، ڕێبازی وەسفی شیکاری گیراوەتەبەر، کە دەکەوێتە ناو تیۆری کردە ئاخاوتەییەکان ئەنجامدراوە.

٥- کەرەستەی توێژینەوەکە: ئاخاوتنی ئاسایی ڕاستەوخۆی ڕۆژانەی تاکی قسەکەری کرمانجی ناوەڕاستە.

٦- ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە پێشەکییەک و دووبەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باس لە هونەری ڕازیکردن وقۆناغەکانی هونەری ڕازیکردن و مەبەست لە هونەری ڕازیکردن و بیردۆزی سێ تائیبەکان و هەنگاوەکان و پەیامی ڕازیکردن و ڕازیکردن و خوێندنەوەی جەماوەر کراوە، لەبەشی دووەمیشدا باس کردە ئاخاوتەییەکان ڕۆلیان لە هونەری ڕازیکردن کراوە، لە کۆتاییشدا بەچەند خاڵێک ئاماژە بەو ئەنجامانە کراوە، کە لەتوێژینەوەکەدا بەدەستهاتوون.

### ١- هونەری ڕازیکردن :

#### ١-١ چەمک و پێناسەی هونەری ڕازیکردن:

##### ١-١-١ چەمکی هونەری ڕازیکردن:

گەلێک جار مرۆڤ پێویستی بەڕازیکردنی Persuasion بەرانبەرەکەی دەبێت لە ژیانی ڕۆژانە و لەکاتی کارکردن و مامەڵەمان لەگەڵ کەسانی تردا، پێویستمان بەوەیە چۆن قەناعەت بە بەرامبەرەکەمان بکەین یان چیمان پێویستە بۆ ڕازیکردنی، مەبەستەکانیش جیاجیان بەپێی خودی کەسەکە و کارەکانیان، بۆ نموونە پزیشکێک پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی قەناعەت بە نەخۆشەکەی بکات تا دەرمانەکانی لەکاتی خۆی بخوات یان نەشەرگەری بۆ بکات، دایکێک بۆ ئەوەی کچەکەی بەپێی نەریتی کۆمەڵگەکەی پەروەردە بکات، باوکێک بۆ ئەوەی کوڕەکەی لەگەڵ کەسانی خراپ نەگەڕێت یا واز لە جگەرە کێشان بێنێت، زانایەکی ئایینی بۆ ئەوەی هانی خەڵک بدات لەسەر چاکەکردن دووركەوتنەوە لە خراپە، سیاسەتمەدارێک بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردن دەنگی پێبدەن، بازرگانێک وەیا خاوەن پیشەیەک بۆ ئەوەی کڕیاری زۆرتر بۆخۆی ڕابکێشێت، هەموو ئەمانەش پێویستییان بە کردەی ڕازیکردنە تا لە کارەکانیاندا سەرکەون، کەواتە سەرکەوتن تارادەیەک، پەیوەستە بە کردەی ڕازیکردن.

واتای ڕازیکردنی کەسی بەرانبەر لە مشتومردا، هەمیشە بۆتە جێی سەرنجی تاک و هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو توانستەیان داوە، بەڵام ئەی بۆچی کەس باسی ئەوە ناکات کە چۆن توانای "ڕازینەبون" یاخود"زالبون بەسەر گفتوگۆدا بەدەستبهێنین، چۆن بتوانین توانای ئەوەمان هەبێت کۆمپانیایەک لە ڕێگەی ڕیکلامێکەوە "کاڵاکەی بەسەرماندا ساغنەکاتەوە"؟

بەدەستهێنانی توانستی ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی باشتر بەر لە هەموو شتێک دەبێت لەوە تێبگەین کە "باشتر" چییە؟، کام هێڵانە بە باشتر ئەژمار دەکرێن؟ گفتوگۆیەکی باشتر، ئەو جۆرەیە لە گفتوگۆ کە کەمترین بەریەک کەوتن و هەڵە تێگەیشتن و دوبارەبونەوەی ئاماژە و زۆرترین هێڵی تەریب و هاوبەشی تیادایە لەنێوان هەردوو لایەنی گفتوگۆکار یان بابەتێکی زانستییانە، بۆ ئەمە سەیرێکی مەنامە بکە.

بەشێوەکی گشتی گفتوگۆیەکی باش لە ئەنجامی گوێگرتنێکی باش دروست دەبێت، "گفتوگۆی باش" لە نەبونی "گوێگرتنێکی باش"دا لەبار دەچێت، گوێگرێکی باش، گفتوگۆکارێکی باشیشە. گوێگرە باشەکان توانای بینینی ئەوەیان هەیە کە کەسی گوتاربێژ چی دەکات و دەیەوێت چی بڵێ، وەڵامەکانیشان بەگوێرە و شیانی ئەوە دەگونجێنن. بۆشاییەکی باش بۆ بەرانبەر دروست دەکەن تا بەپێی ویستی گونجاوی خۆیان لە گفتوگۆکە بەشداربن، نهێنی سەرکەوتنی ئەو کەسانەی وا لە کەسانێک دەکەن لە قەراغی باڵەخانەیەکی بەرزەوە خۆیان فڕێنەدەنە خوارەوە و خۆیان نەکوژن هەر ئەمەیە: بۆشاییەکی باشیان بۆ دروست دەکەن تا بتوانن دەردەدڵی خۆیان بکەن و لە هەوڵە خۆکوژیەکە پەیشیمانیان بکەنەوە.

بنچینەی هەموو گفتوگۆیەک، بەکارهێنانی ئاماژەی هونەری ڕازیکردن لەهەموو دەستگاکانی ڕاگەیاندندا هەیە و لە لایەن کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکانەوە، لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ بەکاردەهێنرێت، پەیوەندی گشتیش هەوڵێکی پلاندارە بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی وتێگەیشتن لە نێوان ڕێکخراو و جەماوەردا دەردەکەوێت(ڕیکلام و پەیوەندیی گشتی و بازاڕکردن).

ڕۆڵی هونەری ڕازیکردن لە پەیوەندییە گشتییەکان و ڕیکلامدا زیاتر دەردەکەوێت، ئامانجی ڕیکلامیش ئەوەیە بانگەشە بۆ بەرهەم بکات و بیخاتە بازاڕەوە، ئەویش لەژێر سایەی کێبڕکێی بەرهەمەکانەوە لە چەندین ڕێگە بەتاک و کۆوە، ڕیکلامیش بەشێوەی سەرنجڕاکێش، کاریگەری لە وەرگر دەکات و هانی دەدات تاوەکو شوێنی ڕیکلامەکە و ئەو زانیارییانە بکەوێت کە بڵاودەکرێنەوە، بۆ ئەمە سەیری نامەکەی فەرهاد تۆفیق، رووف کەریم،... هید بکە.

##### ١-١-٢ پێناسەی هونەری ڕازیکردن

هونەری ڕازیکردن پەیوەستە بە یاساکانی پاڵنەر و زانیاری و پەیبردن، هەروەک محمد عبدالرحمن عیسوی وای دەبینێت، کە کردەی ڕازیکردنی تاک ئەوکاتە ئەنجام دەدرێت، کە لە لایەن کەسێک پێگەیەکی بەرز و بەهێزی کۆمەڵایەتی هەبێت.( محمد عبدالرحمن عیسوي، ١٩٤٧، ١٩)

بەمەش دیارە کە بنەما سەرەکییەکانی ڕازیکردن لەسەر بۆچوون و هەڵوێستەکان بنیات دەنرێت، هەروەها چەندین پێناسەی زانستی جیاجیای تر بۆ هونەری ڕازیکردن کراون و ئەم لێکۆڵینەوە هەوڵدەدات بەشێکییان بخاتە ڕوو کە ئەمانەن:

- جۆن فاریلی دەڵێت: ڕازیکردن بریتییە لە پەیوەندیکردنی زارەکی یان نووسینەکی یان بینین یان بیستن، کە تێیدا قسەکەر هەوڵدەدات، کار لە بۆچوون و ڕەفتاری بەرامبەر بکات. (ایبراهیم ابو عرقوب، ١٩٩٣، ١٨٩).
- پرۆسەی گۆڕین یان ئاراستەکردنی بۆچوونی ئەوانی دیکەیە بەرەو بۆچوونی مەبەست.(خریف حسێن ، ٢٠٢٠)
- هالیدای (Halliday) یەکێک لە ئەرکەکانی زمان سوودمەندییە، ئەم سوودمەندییەش بەکاردێت بۆ گەیشتن بەئەنجام، کە ناونراوە: ئەرکی من دەمەوێ(جمعە سید یوس، ١٩٩٠، ٢٢)
- فرازیل ستیل لەمبارەوە دەڵێت: ڕازیکردن ئەوە دەگرێتەوە کە تۆ بتوانی کەسێک لە ڕێگەی ئامۆژگاری و بیانوو و لۆژیک یان لە ڕێگەی هێز، هانبدەی بۆ کردنی کارێک (ابراهیم ابو عرقوب،١٩٩٣، ١٨٩).
- بەکارهێنانی ئەو وشەو ئاماژانەن کە قسەکەر یان نوسەر بەکاریان دێنێت و دەتوانێت لە ڕێگەی ئەوانەوە کاریگەری لەسەر ئاڕاستە و ئارەزو و هەڵسوکەوتی وەرگر دروست بکات.
- کاریگەرییەکی دروست و قبوڵکراوە لەسەر بیروڕاکان بەمەبەستی گۆڕینی بەشێک یان هەموو لەڕێگەی خستنەڕووی ڕاستییەکانەوە بە بەڵگەی قبوڵکراو و ڕوون.
- ستیف بۆز و بیترفێڵد دەڵێن: ڕازیکردن کارامەیی بەکارهێنانی وشەیە، بۆ گۆڕینی بیروڕاو هزر و هەست و ڕەفتارو کەسانی تر(steve-Butterfield، ٢٠٠٩).
- لەم پێناسانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە هونەری ڕازیکردن، کردەی چۆنییەتی تێرکردنی پێویستییەکانی تاکە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، هەرچەندە لە ڕاستیدا کردەی ڕازیکردن فراوانتر و وردترە لە بەدەستهێنانی هیوایەتەکان. بۆ ئەم مەبەستەش تەنیا گوتاربێژ و وەرگر بوونیان هەیە و گوتاربێژ دەیەوێت بە ڕێگای جیاجیا بۆچوونەکانی ئاڕاستەی وەرگر بکات، هەروەها گوتاربێژ ئەو کردارانە ئەنجام دەدات کە بتوانێ هەستی بەرانبەر بۆلای خۆی ڕابکێشێت، وە دەبێت گوتاربێژ کەسی بەرامبەر ڕازیبکات.

یان هەندێک جار هێمای زمانی ڕۆڵی ڕازیکردن دەبینێت، یاخود ڕازیکردن ئەوەدەمە بەدەست دێت کەسێک شارەزای بەکارهێنانی هێما زمانییەکان بێت لەکاتی قسەکردن...هونەری ڕازیکردن بریتییە لە کارامەیی باشی پەیوەندیکردن و بەتوانایی لە هونەری گفتوگۆدا. هەندێک وشە هەن کە لەماناد‌ا لەگەڵ وشەی ڕازیکردن لێکنزیک دەبنەوە بە ڕادەی تێکەڵبوون، هەرچەندە ڕەنگە جیاوازی وردی نەبینراویان هەبێت، نموونەی ئەم وشانەیش وەک: فێڵکردن، وروژاندن، ڕێکەوتن. بەشێک لەم وشانە هەست دەوروژێنن و هەندێکیشیان ڕاستییەکان ساختە دەکەن هەندێکی تریشیان تەنها ڕێگەچارەیەکی ناوەندین و ڕێکەوتنیکن بەبێ ڕازیکردن.

هەروەها لەمیانی پێناسەکان، دەبێت کردەی ئاخاوتن ئاماژە و دەرخەری ئەوە بن کە پێویستییەکانی تاک بەدی بێنێت، هەرچەندە لە ڕاستیدا کردەی ڕازیکردن، فراوانتر و وردترە لەوەی کە تەنیا بەدیهێنەری ئارەزووەکانی تاک بێت. "هربرت لێۆنبێرگر" وای دەبینێت، کە گەیشتن بە ئامانجی ڕازیکردن، بۆ ئەم کردەیە پێویستە بەم قۆناغانەدا گوزەر بکات(جیهان ئەحمەد رشتی، ١٩٧٠، ١٧١)

١-٢ قۆناغەکانی هونەری ڕازیکردن

١. قۆناغی هۆشیاری (Awareness):

ئەو قۆناغەیە کە تێیدا گوێگر یان کۆمەڵێک بۆ یەکەم جار تاقیدەکرێنەوە، لە بارەی بیرۆکەیەک یان وێنەیەک یاخود ئاڕاستەیەکی نوێ، لەم قۆناغەدا گوێگر دەتوانێ ئەوەی پێیوتراوە وەریبگرێت یان ڕەتیبکاتەوە.

٢. قۆناغی بایەخپێدان (Interest):

لەم قۆناغە تێیدا وەرگر هەوڵدەدات ئەوەی داوای لێکراوە، تا چەندێک سوود و بایەخی هەیە.

٣. قۆناغی پێوانە و هەڵسەنگاندن (Evaluation):

لەم قۆناغەدا وەرگر هەموو تواناکانی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ بەراورد کردنی نێوان ئەوەی دەتوانێ پێشکەشی بکات لەو کارە یان ئەو ئاڕاستە نوێیە و ئەو بارودۆخەی کە هاوکات تێیدایەتی.

٤. قۆناغی هەوڵدان (Trial):

تاقیکردنەوەیە یان ئەزموون کردنە یاخود لە نزیکەوە ئاگاداربوون لێی لە لایەن گوێگران یان ئاڕاستەکراوان لەلایەک و هەوڵدان بۆ زانینی چۆنیەتی سودبینین لە لایەکی ترەوە.

٥. قۆناغی گرتنەخۆ (Adoption):

نێردراوان یان ئامادەبوان ئاڕاستە دەکرێن بۆ باوەڕهێنانی تەواوەتی جا زارەکی بێت، یا کرداری بەو بێرۆکە نوێیە یان ئەوەی لێیان داواکراوە، بەجۆرێک ئەو بێرۆکەیە دەبێتە بەشێک لە کیانی ڕۆشنبیری تاک و کۆمەڵ.

لە لایەکی ترەوە هەریەک لە(ڕایان) و (گرۆس) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە گرتنەخۆی بیرۆکەی نوێ بە چوار قۆناغ دەبێت کە بریتین لە(علي عجوة، ١٩٨٥، ٢٦):

١. درک کردن بە بیرۆکە.
٢. ڕازیبوون بە سوودەکانی.
٣. هەوڵی ڕازیبوون.
٤.گرتنەخۆی تەواوەتی.

١-٣ مەبەست لە هونەری ڕازیکردن

مەبەست لە هونەری ڕازیکردن ئەوەیە گوێگر گوێت بۆ بگرێت و بڕوا بە بیرۆکەکەت بکات، بەشێوەیەک وەها بزانێت لە بنەڕەتدا بیرۆکەی خۆی بووەو لەناخی خۆیەوە هاتۆتە دەرەوە، نەک بیرۆکەی تۆبێت وەک ڕیکلامکەر، بەڵام تۆ لەبری ئەو بیرۆکەکەت وروژاندووە و خستۆتە ڕوو.

١-٤ بیردۆزی ڕازیکردن و کاریگەری:

پەلکێشکردنی ڕای گشتییە بەرەو بیرۆکەیەکی دیاریکراو، ئامانجی هەموو ئامادەبوونێکە بە دانپێنان و کاریگەرییەکانی، لەپێناو گرنگی پێدانی بە باشترین ڕێگاکانی گەیشتن بە گۆڕینی ئەو ڕایە یان بنیاتنانی ئاراستەیەکی نوێ یاخود دەستکاری کردنیان بۆ سەرنج ڕاکێشانی ئامادەبووان بۆ بیرۆکەیەکی دیاریکراو.

توێژینەوە زانستییەکان لەسەر ئەم بنەمایە کەڵەکەبوون، بەشێوەیەک کە ڕازیکردن کاریگەری تەنها ڕێچکەیەکی هونەری نییە کە وتاربێژ پەیڕەوی دەکات، بەڵکو وەک زانستێک دەخوێنرێ.

گرنگی کردەی ڕازیکردن و کاریگەری لەوکاتەدا دەستی پێکرد، دوای بانگەشەی نازییەکان و شیوعییەکان و سەهیۆنییەکان پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، کاتێک ڕۆڵی بانگەشە کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و وورەی گەلان و جەنگاوەران کەمتر نەبوو لە زرێپۆش و فڕۆکەکان.(د.عامر مصباح، ٢٠٠٥، ٩). لەکردەی ڕازیکردن وورەی نەیار بەئامانج دەگیرێت، بۆ گومان دروست کردن و بەلارێدابردن و شکست پێهێنانی تواناکانیان لەسەر هەڵگیرساندنی جەنگەکان، هەروەک چۆن وورەی سەربازەکانی دوژمن دەکاتە ئامانج بۆ نەهێشتنی جۆش و خرۆشی شەڕکردنیان، لەهەمان کاتدا پڕکردنەوە و زیادکردنی گیانی شەڕکردن و بەرگریکردن خەونی ئاواتی سەرکەوتن...هتد

جگەلەمەش کردەی ڕازیکردن لە بواری بازارگەری و شتوومەک ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بۆ فرۆشی کەلوپەلەکانیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن. لەسەر بنەمای ڕازیکردنی بەکاربەر بۆ کەلوپەلەکان دەستەبەری دیاریکەری داهاتووی بەرهەمهێنەرە. تەنانەت ڕازیکردن و کاریگەری تەنیا خۆی لەم دوو بوارەدا نابینێتەوە، بەڵکو بوارگەلێکی تریش دەگرێتەوە وەک هەڵمەتە کۆمەڵایەتییەکان و بازاڕی سیاسی و بازارگەری ئایدۆلۆژیا و بیرۆکە و پرۆژەکانی حکومەت و بواری زانستی دەروونناسی نۆرینگەیی...(سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٥، ١٠).

١-٤-١ بیردۆزی سێ تائییەکان (التاءات الثلاثة):

کردەی ڕازیکردن و کاریگەری لە سلوکی تاکەکان لە بیردۆزی (میشاڵ لۆنات) بەپێی سێ قۆناغ دەبێت، ئەویش قۆناغەکان هۆشیارکردنەوە(التوعیه) و یاسادانان(التشریع) و چاودێریکردن و بەدواداچوون(التتبع)ە، لەم پەیڤانەی سەرەوە وەرگیراون، بۆیە بەبیردۆزی سێ تائەکان ناونراون.

آ. قۆناغی هۆشیارکردنەوە(التوعیه):

هۆشیارکردنەوە، میکانیزمەکانی ڕازیکردنی زمانەوانی و ڕونکردنەوە و تێگەیاندن دەگرێتەخۆ، بەهێزکردنی هەموو ئەمانە بە بەڵگەی و نیشانەی باوەڕپێکراو بگونجێ لەگەڵ بیروڕای وەرگر، کە ببێتە هۆی گەیاندنی ئەو بیرۆکانەی کە دەویسترێ بگەیەنرێتە بەرامبەرەکان بەڕوونی. تاکو وەرگر ماندوو نەبێت لە کردنەوەی ئاماژەکان یان ئەوانەی لای ڕوون نین، یا ئاسان بێت لە تێگەیشتنی و وەرگرتن، بەمجۆرە ڕازیبوونی تەواوەتی بەدەستدێت، بەمەش ئامانجی نامە ویستراوەکە ڕوون و ئاسان دەبێت بۆ تێگەیشتن.(میشال لۆنانت،صالح بن حلیمە، ١٩٩٣، ١٣-١٦)

سەرکەوتنی ئەم قۆناغە تەنیا لەسەر ئەم سنوورە ناوەستێت، بەڵکو پێویستە لەسەر نێرەر بارێکی گونجاو هەڵبژێرێ بۆ گەیاندنی پەیامەکەی تاوەکو ئامانج بپێکێت، یاخود گوێی گوێگرەکان و دڵە پێشوازیکەرەکان و بارودۆخی هەنووکەیی دەوروبەر کاریگەری هەیە لەسەر کرداری ڕازیکردن و کاریگەری.

ب. قۆناغی یاسادانان (التشریع):

لە دیدی (میشاڵ لۆنات) پێویستە قۆناغی هۆشیارکردنەوە و تێگەیاندن، بەهێزتر بکرێت بە قۆناغی دواتر کە خۆی دەبینێتەوە لە دەرکردنی (یاسا) کە پاڵپشتی بیرۆکە دەکات و وەرگر لە سەرپێچی کردن قەدەغە دەکات، بۆیە هۆشیارکردنەوە و ڕوونکردنەوەی شتەکان دیارکردنی سزاکان بەتەنها بەس نین بۆ کاریگەری لە هەڵسوکەوتی وەرگر بۆ هەڵسان بە داواکاری پێویست یان ئەنجامنەدانی، کردەی ڕازیکردن و کاریگەری لە دووتوێیاندا پێویستە هەڵگری مانای دەسەڵات و بەرپرسیاریەتی و هەڵبژاردن و هاندان و ترساندنی تێدابێت.(سەرچاوەی پێشوو، ١٩٩٣، ٦٠-٦١)، ڕەنگە بیانووی ناوبراو دەربارەی دەرکردنی یاساکان، بریتی بێت لەوەی کە مرۆڤ دەستەوەستانە لەهەمبەر هەڵسوکەوت و ویست و حەز و پاڵنەرەکانی خۆی، بۆیە پێویستە پارێزگاری لە خودی خۆی بکات بە دانانی یاساکان، بەڵام لەڕێگای ترسەوە نەبێت. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٩٩٣، ٦٢)، بەڵام دانانی یاساکان بەتەنها بەس نییە بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لەو ترسناکییانەی لە دەوروبەری کۆمەڵگە هەیە، بۆیە پێویستە لەگەڵ یاساکاندا هاندان و ترساندن هەبێ لەگەڵ دووبارەبوونەوەی ئەوە بەبەردەوامی تاوەکو وەرگر دەگاتە ئامانجی دیاریکراو.

پ. چاودێریکردن و بەدواداچوون(التتبع):

لەپێناو سەرکەوتنی کردەی ڕازیکردن و کاریگەری، پێویستە چاودێری و بەدواداچوون هەبێت، ئەوەش پێویستە جەخت لە ڕیزگرتنی یاساکان و کارکردن بە داواکارییەکان و ئاگاداربوون و وریاکردنەوە لە پشتگوێ خستن بکرێتەوە، کرداری جەختکردنەوە و بیرهێنانەوە و چاودێریکردن خۆی دەنوێنێ لە زیادکردنی پلەی ڕاستی پەیامی ڕازیکردن لەلایەن وەرگرەوە، هەروەک چۆن گرنگی پێدانیان بۆلای خۆی ڕادەکێشێ.

وادەردەکەوێ کە بیردۆزی سێ (تائییەکان) لایەنی دەروونی وەرگری فەرامۆش کردبێت، چونکە وەرگر مافی خۆیەتی کە وەربگرێ یان ڕەتیبکاتەوە، بۆیە ئەمەش خزمەتی دەسەڵاتی سیاسی دەکات و وەرگر ملکەچ دەکات بۆ یاسا نوێیەکان، ئەمەش کەمێکە لە زۆرێک، چونکە بیردۆزی زۆر هەن بۆ کردەی ڕازیکردن و کاریگەری بە لێکۆڵینەوە و شیکرنەوە، ناتوانرێ هەموویان سنووردار بکرێ، چونکە بواری توێژینەوە بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی هەموویان نەکراوە.

١-٥ هەنگاوەکانی ڕازیکردن

ڕازیکردن کردەیەکی مەبەستدارە و بەپلان جێبەجێدەکرێت، هەندێکان ڕاستەوخۆیە و هەندێکی تر هەنگاو بە هەنگاو یان ناڕاستەوخۆیە، ئامانج بە ڕوونی دەرنابڕدرێت، بەڵکو سەرەتا ڕاستییەکەی دەسەلمێندرێت ئینجا ڕادەگەیەندرێت کە لەهەموو ڕێبازەکانی تر کاریگەرترە، چونکە ڕاستەوخۆ هەنگاو بەرەو ئامانج نانرێت، بەڵکو لابەلا ئامانجەکانی دەخاتە ڕوو و دەرگایەک بۆ دەربازبوونی ڕازیکردن دەکاتەوە(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٥، ١٤٠)، کە کردەی ڕازیکردنەکە بەسەرکەوتوویی ئەنجام دراوە و خودی کەسەکە بەسەربەرزی لێی دەردەچێت. هەنگاوەکانی ڕازیکردن بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە( لیلی شحرور، ٢٠٠٩، ١٦٨):

۱-٥-۱ هەماهەنگی پەیداکردن و خۆ نزیککردنەوە:

خۆنزیککردنەوە لە وەرگر(گوێگر) دەبێتە هۆی متمانە وەرگرتن و ڕێ خۆشکردن بۆ سەرکەوتنی ڕازیکردن، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت ڕازیکەر ڕەفتارێک بنوێنێت تا وەرگر پێی سەرسام بێت، بەمەش ئەگەری وەرگرتن زۆر دەبێت و کردنەوەی بیری ئاگایی زیاتر دەکات، بەمەش دەبێتە هۆی:

آ. ڕێزگرتن:

مرۆڤ بەدوای ئەوکەسانەدا دەگەرێت کە گرینگی پێدەدات و زیاتر پەیوەندی لەگەڵ ئەوکەسانەدا دەبەستێت، کە ڕیزی لێدەگرێت، ئەگەر ئەمەی دۆزییەوە لە کەسی بەرامبەر، ئەوا گوێ لە داوا و پەیامەکەی دەگرێت، چونکە مرۆڤ چەند گرینگی بدات بە بەرامبەرەکەی ئەوا بەرامبەرەکەشی زیاتر گرنگی پێدەدات و بەرەو پیری دەچێت...ڕیز پاڵنەرێکی باشە بۆ بەرەو پێش چوون و باوەڕ بەخۆبوون و هەست کردن بە گەیشتنە یامانج، بە مەرجێک ئەم ڕیزگرتنە خوازراو (مزیف) و بە درۆ نەبێت، بەڵکو دەبێت ڕاستەقینە و لەناخەوە دەربڕدرابێت(محمد هشام ابو القمبز، ....، ۲۰)

ب. ستایشکردن:

پێویستە لە ئاخاوتنەکانماندا باس لە کردار و ئەدگارەکانی بەرامبەرمان بکەین و واز لە سیفەت و ئەدگارە ناشیرینەکان و خراپەکانی بێنین، تا دەکرێت، پێویستە شێوازی ستایش بەکاربێت، بەبێ زیادەڕۆیی کردن(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ۲۲) وەک ئەم دەستەواژە باوانەی خوارەوە:

- تۆ کەسێکی زۆر باش و دڵنەرمی.
- زۆر سەرسامم بە هێز و توانای جەنابت.
- دڵنیام، تۆ لە کارەکانت سەرکەوتنی باش بەدەست دەهێنیت.
- تۆ بەگوێرەی پێویست زۆر بە جوانی هەڵسوکەوت لەگەڵ بەرامبەرەکەت دەکەیت.

پ. گوێگرتن:

هونەری گوێگرتن و قسە پێنەبڕینی بەرامبەر، ئاستی ڕۆشنبیری کەسەکە نیشاندەدات و پلەی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە، چونکە ئەگەر گوێ لەیەکتر نەگرین، ئەوا کردەی پەیوەندی کردن بە دروستی ئەنجام نادرێت، هەر بۆیە زانایانی دەروونناسی ئاماژە بەوە دەکەن، ئافرەت ئەو مرۆڤەی لاپەسندە کە گوێی بۆ دەگرێت( لیلی شحرور، ۲۰۰۹، ۱٦۸)، چونکە قسە پێبڕین، کاردانەوەی نەرێنی لەسەر نەستی بەرامبەر دروست دەکات، گەلێک جار بابەتی سەرەکی لە ئاوەزی پەرش دەبێت یاخود بیرۆکەکەی لە گۆشەیەکی بیریدا بەدەرنەبڕاوی قەتیس دەمێنێت، وا لەکەسەکە دەکات لە گفتوگۆ لەگەڵت بەردەوام نەبێت ڕاگۆڕینەوە و تێکەڵبونی نیوان ڕوونەدات.

بە پێچەوانەوەش، گوێگرتن لە داوا و بیرۆکەکانی زیاتر بڕوا بەخۆبوون لای ئەوەکەسە زیاد دەکات، هەست بەوە دەکات کە گرنگی پێ دەدرێت و متمانە بەخۆبوون لای زیاد دەکات.

۱-٥-۲ گۆڕینی باری وەرگر:

پاش ئەوەی بوویتە جێگای متمانەی وەرگر، هەنگاوی گۆڕین بۆ باری کاریگەری دەست پێدەکات لە ڕێگای جوڵانەوە و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەوە، ئەم کاریگەرییەش چەندە ڕێژەکەی زیاتر بێت لەسەرووەرگر، کردەی ڕازیکردنەکە ئاسانتر دەبێت، یەکێک لەو تەکنیکانەی بۆ گۆڕینی بار بەکاردێت، بریتییە لەوەی داوا لە وەرگر بکرێت یادگاری و ڕووداوەکانی ڕابردووی لە یادگەی بکاتەوە و بهێنێتەوە یادی خۆی، چونکە وەرگر زیاتر بەرەو کرانەوە و تێکەڵبوون دەبات، دیسان گریمانە کردنی خەیاڵی و دانانی چەند ئەگەریک بۆ بارودۆخ و ڕووداوەکان، دەبێتە هۆکار بۆ گۆڕینی باری وەرگر و کردەی ڕازیکردنەکە سەرکەوتووانە ئەنجام دەدرێت(لیلی شحرور، ۲۰۰۹، ۳۷).

۱-٥-۳ ئامادەکردنی باری گونجاو بۆ دەوروبەری گوتن:

بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەمان ڕازیبکەین، دەبێت لە بارێکی دەروونی و هۆشەوکی باشدابین، تاکو بیرەکانمان ڕێکبخەین و بە شێوازێکی ڕوون و سادە و لۆجیکی دەربڕین. کات و شوێن کاریگەری زۆری هەیە لەسەرکەوتنی کردەی ڕازیکردن، چونکە مرۆڤ هەموو کاتێک لەبارێکی دەروونی باشدا نییە... ئەگەر کەسی قسەکەر پەیوەست بوو بەکارێکی تر، یان ئەگەر زانیمان بەرامبەرەکەمان دەیەوێت بە خێرایی قسە تەواو بکات...هتد(عەبدولواحید موشیر دزەیی، ۲۰۱۵، ۱٤۳). ئەوا ئەم کاتانە گونجاو نین بۆ گەیاندنی پەیام، چونکە پەیامەکە بەدروستی ناگاتە وەرگر یان بە گران تێدەگات یان وتەکان بە ناتەواوی لەلایەن وەرگرەوە وەردەگیرێت و بیری بە شتی ترەوە سەرقاڵە، بۆیە ناگونجێت لەم کاتانەدا پەیامی ڕازیکردن بگەیەنرێت. دیسان دەبێت ڕاچاوی دەوروبەری گوتنەکان بکرێت لە دەربڕینی وشەکان و بزانین ئەم وشەیە لەگەڵ دەوروبەرەکە دەگونجێت یا نا (لیلی شحرور، ۲۰۰۹، ۳۷).

۱-٥-٤ دیارکردنی تێڕوانین و ئاراستەکردنی بە ڕێڕەوێکی تر:

بۆ داواکردنی داوا و پێشنیاز، دەبێت بەشێوەیەک بێت پاڵەپەستۆیەکی زۆر نەخرێتە سەر وەرگر، بەڵکو دەبێت تەکنیک لە هەڵسوکەوت پەیڕەو بکرێت... ئەوەی دەوترێت دەبێت بە ڕێگایەکی لۆژیکی شیبکرێنەوە و هەوڵبدرێت بە زانیارییەکی کەم وێنەیەکی تەواو دروست بکات، ئەگەر وێنەیەکی ناتەواومان پێدا، بیری وەرگر سەرقاڵ دەبێت بە پڕکردنەوەی وێنە ناتەواوەکە، کەواتە بابەتێک دیاری کرا بۆ سەرقاڵ کردنی مێشکی وەرگر، بەم پێیەش دەتوانین بەئاسانی ڕاستەوخۆ بگەینە بیری بێئاگایی وەرگر، دیسان بە گێڕانەوەی چیرۆک یان سەرگوزشتەیەکی وروژێنەر یا پەندیک، وا دەکات وێنەیەکی تەواو بخرێتە بەرچاوی وەرگر و تێڕوانینەکان دیاریبکرێت(سەرچاوەی پێشوو، ۲۰۰۹، ٤).

۱-٦ پەیامی ڕازیکردن:

ئەو پەیامەی کە بەنیازین بیگەیەنین، پێویستە بزانرێت ئاراستەی چ توێژێک دەکرێت و تەمەن و ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیری لەبەرچاو بگیرێت. دەبێت زانیاری ئەوەش وەربگیرێت بەرامبەرەکەی چی دەوێت و ناشبێت بیر لەوە بکرێتەوە کە بەرامبەرەکە چی دەوێت... کە بەرامبەرەکەی وەڵام یان بیانووی نییە، بەڵکو دەبێت ڕاچاوی بەرگری بکات... دەشبێت ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین: پەیامەکەمان چ کاریگەرییەکی دەبێت؟

باشتر وایە مرۆڤ خۆی لە شوێنی بەرامبەرەکەی دابنێت تا هەست بە بەرەنگاری و ڕازینەبوونەکان بکات، بۆ ئەوەی پەیامەکەی زیاتر کاریگەر بێت(عەبدولواحید موشیر دزەیی، ۲۰۱۵، ۱٤٥).

۱-۷ ڕازیکردن و خوێندنەوەی جەماوەر:

هەوڵدان بۆ ناسینی جەماوەرکارێک قورس و گرانە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرانی خوێندنەوە لەسەر جەماوەر بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر، زانایانی دەروونناسی و بیرمەندانیش هەمیشە ناسینی خۆیان بۆ جەماوەر بەگران ناوبردووە. سایکۆلۆژیای جەماوەر لەگەڵ هەر بەشێکیدا دەیان پرسیار لە خۆی دەکات بۆ ناسینی جەماوەر، بۆ بیرکردنەوە و کار و کردەوەکانیان، بۆ ئەو کاتانەی کە ئیتر هەمووشتێک لای جەماوەر لەوپەڕی پیرۆزییەوە دەگۆڕدرێت بۆ تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی ئەو پیرۆزیانە. بۆ دروستکردنی هەموو جۆرە ڕیکلامێکی بینراو یا بیستراو یا نووسراو، نابێت ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر نادیدە بگیرێت.

هەر بۆیە دەبێت گوتاری گوتاربێژ پەیوەست بکرێت بە جەماوەرەوە، جەماوەریش ڕەگەزێکی گرینگە لە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی مەبەستی گوتاربێژدا، ئەگەر گوتاربێژ زانیاری پێشوەختەی لەسەی جەماوەر نەبێت، بۆ ئەو گوتارەی کە پێشکەشی دەکات ئەوا گوتاربێژ سەرکەوتوو نابێت لە گەیاندنی مەبەستەکەیدا، بەڵام گوتاری گوتاربێژ بۆ جەماوەر سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەر گوتاربێژ پێشتر جەماوەر بناسێت و زانیاری دەربارەی پاشخانی جەماوەر هەبێت.

ڕاڤەکردنی دەروونیی جەماوەر گرنگییەکی تایبەتی لە دەروونناسیدا هەیە، ئەمەیش هەوڵێکی تازەی جیهانییە لەلایەن زانایانی دەروونناسیەوە. بۆ لێکدانەوەی هزری جەماوەر، زانایانی دەروونناسی بۆ سەردەرکردن لەم جەماوەرە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا، هەندێک نموونە لە تاکەکان وەردەگرن و گریمانەی دەکەن، کە ئەم نموونانە نوێنەرایەتی هەموو جەماوەرەکە دەکات(David Gilse,2003,184).

لەم سۆنگەیەوە ترۆتر و لۆبۆن و گراهام جیمی و واڵتر لیبمانی، بەشێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوەیان لەسەر مێشکی جەماوەر کرد و ئەوەیان سەلماند کە مێشکی تاکەکەس و جاماوەر وەک یەک نین و جیاوازن، بەهیچ شێوەیەک ناکرێت لە دەروونناسیدا لێکۆڵینەوە لەسەر مێشکی تاکەکەسێک بکرێت، وەک نموونەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر مێشکی جەماوەر(Edward L.Bernays ,1928,47) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەروونناسی تاکەکەسی و دەروونناسی جەماوەری وەک یەک نین، بەڵکو جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە، هەرچەندە هەردوو زانست لێکۆڵینەوە لە تاکەکەس دەکەن، بەڵام هەریەکەیان بەشێوەی جیاواز، دەروونناسی تاکەکەسی بە جیا لێکۆڵینەوە لە تاکێک دەکات بەبێ ئەوەی بە کەسێکی ترەوە پەیوەستی بکات، بەڵام دەروونناسی جەماوەری لێکۆڵینەوە لە تاکەکەس دەکات لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەندامێکە لە هۆزێک یان توێژێکی کۆمەڵگادا، یاخود گەلێک یا دەزگایەک کە کارێک یا ئامانجێکی وەک یەکیان هەبێت(سیغمۆن فرۆید، ٢٠٠٦، ٢١-٢٢)، خەیاڵی جەماوەر هاوشێوەی خەیاڵی هەر بوونەوەرێکە کە بە ئاوەز بیرناکاتەوە، ئامادەیی گەورەی تێدایە کە بچێتە ژێر کاریگەریی قووڵی ئاوەزی ناوەکی، جەماوەر تاڕادەیەک لە کەسێکی خەوتوو دەچێت و دەروونی دەداتە دەست وێنەگەلێکی ناو خەیاڵ، بۆیە لێرەوە ئامانجی سەرەکی لە ڕاڤەکردنی جەماوەر زانینی سایکۆلۆژیای جەماوەر لەلایەن گوتاربێژەوە، گرنگی خۆگونجاندنی گوتاربێژ لەگەڵ جەماوەر دەردەکەوێت، لەو گوتارەی پێشکەشی دەکات، شتێک نەدرکێنێت، کە لەگەڵ جەماوەر نەگونجێت(Masud Omer Nasro, 2001,30).

بۆیە گوتاربێژ بۆ ئەوەی پتر شارەزای سایکۆلۆژیای جەماوەر بێت، پێویستە گوتاربێژ بزانێت کە جەماوەر بەسەر چەند سیمایەک دابەش دەکرێن، گرینگترین سیماکانی جەماوەرەریش ئەمانەن:

١. سیمای کەسایەتی: جەماوەر بەسەر تەمەن و توخم و ناسنامە و شوێنی لەدایکبوون دابەشدەبن.
٢. سیمای گۆڕانکاری ئەگەر هەبن: ئەمەیش بەسەر ئاستی خوێندن و داهاتی تاک و بارودۆخی کۆمەڵایەتی زمان و ئایین و ئەرک و نیشتەجێبوون دابەش دەبن.
٣. سیمای کۆمەڵایەتی: لێرەدا جەماوەر بۆ چەند ئاراستەیەک دابەش دەبن، کە جەماوەری لایەنگر و بێلایەن و ئۆپۆزسیۆن و ..... هتد .
٤. ئاستی ڕۆشنبیری: ئەمەش بۆ جەماوەری نەخوێندەوار و جەماوەری ئاسایی و جەماوەری خاوەن ڕۆشنبیرییەکی بەرز دابەش دابن.
٥. ئامادەگی ڕازیبوون: ئەمەش ئەو جەماوەرانە دەگرێتەوە کە تا چەند ئامادەی ڕازیبوونیان هەیە.

دیسان پێویستە گوتاربێژ بزانێت، کە هەر جۆرێکی جەماوەر بە چوار پێوەر دیاری دەکرێن، پێوەرەکانیش ئەمانەی خوارەوەن :

١. قەبارەی جەماوەری: ئەمە ژمارەی تاکە کەساکان لەخۆ دەگرێت.
٢. پێکهاتەی جەماوەری: ئەمەش بریتییە لەو چین و توێژ و گروپ و دەستە کۆمەڵایەتییانەی کە خودی جەماوەر پێکیان دەهێنن.
٣. ڕێژەی گونجانی جەماوەری: مەبەست لە گونجانی جەماوەری ئەوەیە، کە تا چەند جیاوازی هەیە، لەنێوان چین و گروپ و دەستەی جەماوەری.
٤. ماوەی گرنگیپێدانی تاک: مەبەست لە ماوەی گرنگی پێدان ئەوەیە، کە تاکەکەس چەندە ماوەی پێویستە بۆ بینین و گوێگرتن تا ئەوەی پەیوەندی بە جەماوەر بکات(محسن الكناني، ٢٠٠٩، ٣-٤).

٢- کردەی ئاخاوتن لە هونەری ڕازیکردندا:

نموونە بەراییەکانی زمان لە سۆسێرەوە وایدەبینن کە یەرکی سەرەکی زمان، بریتییە لە هەوڵدان، چەمکی هونەریگەیاندنیش خۆی لە گواستنەوەی زانیاری و داتا بۆ وەرگر دەبینێتەوە، بەمەش کەدەی ئاخاوتن دەبێتە کردەی سەرەکیی زمان و زمانیش دەبێتە تەنیا کۆدێك یان سیستمێك لە کۆد. ئەم بیروبۆچوونەی کە لە ژمارەیەکی زۆری تیۆرەکانی ئاماژە بەدیمانکردووە بە تایبەتی لەلای هەڵگرانی وەفسگەرایی لە ئاماژەدا و لای ئاماژەکانی ڕاستیی یان ئاماژەکانی لۆجێکی وێنەییدا، ئەوان وایدەبینن کە لایەنی وەسفی نواندن لە واتادا سەرەکیی و گرینگترینە و واتاکانی دیکە لاوەکین. ئەوانەی لەسەر ئەم ئاڕاستەدا دەڕۆن هەموو گوتەیەکی سەلمێنەری نواندن یان وەسفی واقیع دادەنێن، بۆیە دەکەوێتە ژێر پێوەری ڕاستیی و درۆ و زاراوە و چەمکگەلێك بەکاردێن کە بناغەیەکیی ڕاستییان هەیە بۆ نموونە وەك ڕاستیی truth و مەرجەکانی ڕاستیی و بەهای ڕاستیی.

بەڵام ئەم گۆشەنیگایە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بووەوە لە لایەن ژمارەیەکی زۆری زمانەوانان و فەیلەسووفان، بە تایبەتی،

فەیلەسووفەکانی زمانی ئاسایی و مەسەلەکە لێرەدا پەیوەستە بە قوتابخانەی ئۆکسفۆرد و بە فەیلەسووفەکانی لە نموونەی وەك ستراوسن و ئۆستین و سیرێل و غەیری ئەوانە. لەڕاستییدا ئەمانە تێبینییانکرد کە کۆمەڵێکی زۆر لە گوتەکان ئەرك و وەزیفەی خۆیان لە هەواڵدان نانوێنن و وەسفی هیچ واقعێك ناکەن و ناکەونە ژێر باری پێوەری "ڕاستیی و درۆ، گوتەکانی بەجێهێنان و گوتە تەمومژاوییەکان و گوتەکانی هەڵسەنگاندن. ئەم دەستەواژانە لە ڕوواڵەتدا بۆمان دەردەکەون کە دەستەواژەی وەسفین لەکاتێکدا ناوەسفین. ئەمە وای لەئۆستین کرد زاراوەی " فێڵێکردنی وەسفی" بەکاربێنێ. بۆ ئەم تەرزە ڕستانەدا ئەم گوتانەی خوارەوە وەك نموونە دەهێنینەوە:

١. دانیشتنەکە ڕاگەیەندرا.
٢. دەرگاکە داخرا.
٣. تۆ سێ بەسێ تەڵاق دراى.
٤. چاوێکم دیت.
٥. ئەم ئوتێلە نایابە.
٦. ئەم قوتابییە زیرەکە.

سێ ڕستەکەی سەرەتا ڕستەی بەجێهێنانن و سێ کردەمان پێیانەوە بەدیهێنا: فرمانی کرانەوە و فرمانی داخوازی و فرمانی تەڵاقدان. بەم ڕستانە واقیعێکی دیاریکراو وەسف ناکەین و هیچ مۆرکێکی وەسفی یان نواندنیان نییە و نایشکرێ بڵێین ڕاستن ( لەگەڵ واقیعدا یەکدەگرنەوە) یان درۆن ( ڕێك نەکەوتوون لەگەڵ واقیعدا) و هەمان شت دەربارەی ئەو ڕستەیەی چوارەمدا دەڵێین کە تەمومژیی دەلالیی فەرهەنگیی لەخۆگرتووە: ئایا ڕاستە یان درۆ؟

ئەو چاوەی لە نموونەکەدا هاتووە: ئایا چاوەی ئاو یان سیخور(شوفار)ە؟ ئەگەر مەرجەکانی ڕاستیی دەستەواژە نەزانین، ناتوانین بەهایەکی دیاریکراوی ڕاستیی بدەینەپاڵی و کەوابوو ناشتوانین واتایە وەسفییەکەی یان ناوەڕۆکە هەوڵدانەکەی دیاریبکەین. هەرچی ڕستەکانی پێنج و شەشە، دوو ڕستەی هەڵسەنگاندنن و حوکمی بەهایان لەخۆگرتووە و هیچ مۆرکێکی ڕوون و ئاشکرای وەسفییان نییە و هەروەها زەحمەتە لایەنەکانی ڕاگەیاندن و هەواڵدانیان دیاریبکەین.

ئەم تەرزە لە ڕستە خۆی خاڵی دەستپێکی دەرکەوتنی ئاڕاستەیەکی دەلالی دیکەی چێکردووە و لەگەڵ ئاڕاستەی وەسفییدا ناخوات کە ناسراوە بە ئاماژە ناوەسفییەکان.

ئەم ئاڕاستە وایدەبینێ کە ڕستەکانی زمانە سروشتییەکان هیچ شتێك وەسف ناکەن و تەنیا بەکاردێن بۆ بەدیهێنان و بەجێهێنانی فرمانگەلێکی دیاریکراوی وەك فرمانەکانی هەڵسەنگاندن. ئەم زمانەوان و فەیلەسووفانە ڕەتدەکەنەوە کە ئەرك و وەزیفەی بنەڕەتیی گوتەکان لە زمانە سروشتییەکان بریتی بێت لە هەوڵدان، واتا گواستنەوەی زانیاری سەبارەت بەجیهانی دەرەوە یان پێشکەشکردنی نوانگەلێك بۆ ئەم جیهانە، ڕەفزی ئەوە دەکەنەوە کە گوتە و ڕستە مۆرکێکی وەسفی سەلمێنەرانەیان هەبێ و هەروەها قابلی ئەوە بن وەسفبکرێن بەوەی ڕاستن یان درۆن(ئەبوبەکر ئەلعزاوی، ٢٠٠٦، ١١٤)

بەرلەماوەیەکی زۆر ئاماژەکراوە بەلایکەمەوە، لە سەردەمی ئەڕیستۆ ڕا بەوەی هەموو گوتەکانی زمانی ئاسایی بەکارناهێنرێن بۆ وەسفکردن یان هەوڵدان و ناکەونە ژێر باری پێوەری راستیی و درۆ. ئەڕیستۆ هەموو ئەو گوتانەی باسکردوون کە ڕەوانبێژە عەرەبەکان ناودێریانکردوون بە "ڕستە پێکهاتییەکان" و دواتر ئۆستین ناویناون" گوتەکانی بەدیهێنان". لێرەدا مەسەلەکە پەیوەستە بە گوتە ئاڕاستەکراون بۆ دیاریکردن و دەستنیشانکردنی هەڵوێستەکانی قسەکەر یان جێپێی قایم بکرێ بۆ فرمانەکانی قسە، بۆ نموونە وەك پرسیارکردن و فەرمانکردن و هەڕەشەکردن بەدیبێنێ و سەبارەت بەم گوتانە، مەسەلەی ڕاستیی و درۆ هیچ مانایەکی نییە. بۆ نموونە،ڕستەکانی داخوازیی یان پرسیارکردن وەسفی هیچ واقیعێك ناکەن، بۆیە ناکرێ بگوترێ ئەوان ڕاستن یان درۆن، بەڵام تەنیا بێژەکردنیان خۆی لەخۆیدا فرمانێکی دیاریکراو چێدەکەن.

بیروبۆچوونی پراگماتیکیی دەرحەق بە زمان کە لەلای فەیلەسووفەکانی زمانی ئاسایی نموونەی وەك ئۆستین و سۆرل و گرایس بەدیدەکەین و بەتایبەتیش لە تیۆری کردەکانی زماندا دەیبینین، ئەم بیروبۆچوونە ڕەفزی ئەوە دەکاتەوە کە زمان تەنیا دەستەچیلەیەك بێت بۆ نواندنی واقیع یان زیهن، بەڵکو کەرەستەیەك دەتوانێ کردەگەلێك لە تەرزێکی دیاریکراودا بەدیبێنێ: فەرمانکردن، پەیماندان، ڕەتکردنەوە، پرسیارکردن، ئامۆژگارییکردن، شۆکرکردن، ئاوەمۆرکردن(تەعمید)، واقوڕمان و هەڕەشەکردن و غەیری ئەمانەیش زۆر و جۆراوجۆرن.

شیکردنەوەی دیاردەکانی وەك پرسیارکردن، فەرمانکردن و پەیماندان ڕوونی دەکاتەوە کە زمان بە سیفەتی خودیی وجوهەریی کۆمەڵێك لەو ڕێکارانە دەگرێتەخۆ کە ڕێدەدات بەدانانی جۆراوجۆرییەکی زۆر لە پەیوەندییە مرۆییە پراگماتیکییەکان و ئەو کاتە ناکرێ زمان تەنیا یەك ئەرك و وەزیفەی هەبێ کە ئەویش گواستنەوەی زانیارییە. مەسەلەکە پەیوەندە بە یاساوڕێساگەلێك و گەمەیەکی گەورەتر، گەمەیەك، بە شێوەیەکی بەرفراوان، تێکەڵ بە بوونی ڕۆژانەیی دەبێت، گەمەیەك هانی چاوپێکەوتن دەدات لەنێوان تاکەکان و لەهەمانکاتدا ڕێکارەکەیشی کۆنترۆڵدەکا.(ئۆزفیلد دیکرۆ، ١٩٧٢، ٤-٥)

سۆرل وایبۆدەچێ کە قسەکردن بە زمانێك لە زمانەکان تەنیا تەبەنی شێوەیەك لە شێوەکانی ڕەفتارە و یاساوڕێساگەلێك بەڕێوەدەبا(سێرل، ١٩٧٢، ٥٢) و ئەم ڕێسا و یاسایانە زۆر ئاڵۆزن، ئەمەیش ئەو مانایە دەدات کە بەکارهێنانی زمان یان قسەکردن ڕەفتارێکە و ڕێساویاسای خۆی هەیە و مەبەستدارە و خۆی لە بەجێهێنانی کردەگەلێکی زماندا دەنوێنێ بەپێی ئەو یاسا و ڕێسایانەی بەکارهێنانی توخمەکانی زمان بەڕێوەدەبەن. لێرەوە تیۆری زمان دەچێتە خانەی تیۆری فرمان بەشێوەیەکی گشتی.

کەواتە ئەو گوتانەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا کە بەرهەمیان دێنین دوو لایەنیان هەیە: لایەنی زمان و لایەنی فرمان، بریتیین لە گوتە و فرمان یان گوتەگەلێکن گوتە تێکەڵ بە فرمان دەبێت. لێرەوە ناونیشانی دالی و دەربڕی هی پەرتووکی ئۆستین : " کاتێ گوتە کردەیە" یان کاتێ دەڵێین، دەی کردەوە دەنوێنین، و دەکرێ بەم ڕستانەی خوارەوە نواندنێك بکەین بۆ کردەکانی زمان و گوتەکانی بەجێهێنان:

١. تۆ لە کارەکەت دەرکرای.
٢. پیرۆزباییت لێدەکەم بەبۆنەی سەرکەوتنت.

٣. تۆ سێ بەسێ تەڵاقدرای.

٤. دەستکردن بە دانیشتنەکە ڕاگەیەندرا.

ئەگەر لەم ڕستانە ڕامێنین، بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لایەنی فرمانیانمان بۆ دەردەکەوێ. قسەکەر بەهۆیانەوە هەریەك لە کردەکانی دەرکردن، پیرۆزباییکردن، تەڵاقدان و کرانەوەی بەدیهێناوە. ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی قوتدەکاتەوە بەم شێوەوەیە: کردەی زمانی چییە؟ نیشانەجیاکەرەوە و تایبەتەخۆیییەکانی چین؟، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە یەکەمجار چەمکی کردە دیاری بکەین.

دیکرۆ وایبۆدەچێ کە هەر چالاکییەك کەسێکی دیاریکراو دەینوێنێ، دەکرێ بە فرمان یان کار دایبنێین ئەگەر لە سەر بناغەی ئەو گۆڕانکاریانەی دروستی دەکا یان دەیەوێ بیانکات لە جیهاندا دیاریبکەین لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەیش پەیوەندییان هەیە لەگەڵ بارودۆخی فیزیایی یان کۆمەڵایەتیی قسکەردا، چونکە هەمان پرۆسە و جوولەکان دەکرێ وەسفبکرێن بەوەی چالاکیەکی خالیس و بێخەوشە یان وەسفبکرێن بەوەی کردەوە و کارە بەپێی ئەوەی کە ئێمە داخۆ لە خودی خۆیان سەیرمان دەکردن یان بەوهۆیەی کە گۆڕانکارییەکی پەیوەندیی یەکێك دایدەرێژێ لەگەڵ جیهاندا. (ئۆزفیلد دیکرۆ، ١٩٧٢، ٧٧) لێرەوە

یەکەم: تایبەتمەندیی فرمانی زمان خۆی لەوە دەنوێنێ کە کردەیەکی دیاریکراو بەجێدێنێ واتا چالاکییەك ئامانجی گۆڕینی واقیعە.

دووەم: فرمانێکی یاساییە وەك زمانەوانی فەڕەنسی ئۆزفاڵد دیکرۆ بۆی دەچێ و باسی کردەی یاسایی دەکەین کاتێ چالاکییەکە دیاریدەکرێ بەوەی گۆڕانێکە لەو پەیوەندییە شەرعیی و قانونییانەی نێوان کەسگەلێکی دیاریکراودا هەن.(سەرچاوەی پێشوو، ٧٧). بە کردەیی کردەی زمانی ئامانجی ئەوەیە کۆمەڵێك لەو ماف و ئەرکانە دروستبکات کە پەیوەستن بە گفتۆگۆکەران. لێرەوەیە بەهای قانونیی کە خراوەتەپاڵ و ئەو گۆڕانکاریانەی کە هەوڵدەدات بەدیانبێنێ مەرجگەلێکی قانونییان هەیە، ئەو گۆڕانکاریانە گریمانەکراون یان تەنیا ئارەزوویان لەسەرە. ئاوا بەم شێوەیە، چالاکییەك بە قانونیی دادەنێین کاتێ بە چالاکییەکی تاوانبارییانە یان جێگەی ڕێزوپێزانین یان ددانپیانان بە پابەندبوون و غەیری ئەمانە وەسف دەکەین. بۆ نموونە ئەو گوتەیەی دادوەر دەیبێژێ دەکرێ بەکردەیی وەك کردەیەکی قانونیی دایبنێین لەبەرئەوەی هیچ نیشانەیەك لەئارادا نییە لە نێوان قسەی دادوەر و گۆڕینی تۆمەتبار بۆ حوکمی بەسەردا بچەسێ لێکجیابکاتەوە، لەبەرئەوەی قسەکە خۆی کە حوکم دەردەکا. (ئەبوبەکر ئەلعزاوی، ٢٠٠٦، 119).

سێیەم: کردەوەیەکی داوودەزگایی، زۆرێك لە کردە کرداربیەکان بەدیهێنان و جێبەجێبوونیان پەیوەست دەبێ بە فرە لە داوودەزگایە کۆمەڵایەتییەکان، وەلێ ئەم کردانە لە ناو زمان و لەرێگەی ئەوەوە بەدیدەهێنرێن و ناودێرکردنیان بە کردەکانی قسە یان زمان لێرەدایە. ئەوان بەهۆی سروشتی زمانییانەوە گوتەگەلێکن، ئەوانیدیکەش فرمانگەلێکن لەبەرئەوەی ئامانجەکانیان گۆڕینی واقیعە یان گۆڕینی پەیوەندییە لەگەڵ جیهاندا، ئەوانیش لەبەر سروشتی قانونیی و شەرعیی و داوودەزگایی و کۆمەڵایەتییانەوە، پاشان قسەکردن و بەکارهێنانی جۆرێکە لە بەڵێندان و پابەندبوون و هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتیی و ئەرك.

چوارەم: کردەوەیەکی مەبەستدارییە، بەهۆی زانینی مەبەستی قسەکەر، کردەی زمانی بەدیهێنراو ئاشنا دەبم، گەر قسەکەر بە یەکێکی دیکەی گوت: " مەترسییەك بەرببینگت دەبێتەوە، ڕەنگە مەبەستی لە قسەکەی خۆی هەوڵدان یان ئاگادارکردنەوە یان گاڵتەپێکردن بێت.(جاك موشلێر، ١٩٨٥، ٢٤).

پێنجەم: کردەیەکی دەوروبەرییە، بەجۆرێك ناکرێ بەبێ ڕەچاوکردنی دەوروبەر تەماشای بکرێ. گەر ڕستەیەکی لەم جۆرەمان وەرگرت:" بەیانی ئامادە دەبم"، دەبینین چەندین مانا دەدات و ئەمەیش بەگوێرەی دەوروبەر: لە دەوروبەرێکدا، مانای هەوڵدان دەبەخشێ، لە دەوروبەرێکی دیکە ڕەنگە هەرێدان ببەخشێ و لە دەوروبەری سێیەمیشدا بۆی هەیە مانای هەڕەشە بداتبەدەستەوە.

شەشەم: کردەوەیەکی داوونەرێتییە: کردەی زمانی بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت، دەبێ باگۆی کۆمەڵێك لەو مەرجانە بێت کە پەیوەستە بەبەکارهێنانی. ئەم مەرجانەیش ئەو چوارچێوە دیاریدەکەن کە کردەوە کردەییەکە تێیدا لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی تیایدا دەردەکەوێ گونجاو و کۆك دەبێ. (ئەبوبەکر ئەلعزاوی، ٢٠٠٦، ١٢٠)

ئەم مەرجانە پەیوەستن بە ڕواڵەتگەلێکی جیاجیا کە لەمانەی خوارەوەیان باس دەکەین:

١) ئەو بارودۆخ و کەسانەی بەشدارییان کردووە لەبەدیهێنانی کردەوە زمانییەکە.

٢) مەبەستەکانی ئاخێوەران.

٣) تەرزی کاریگەریی پەیوەست بەبەدیهێنانی کردەی زمانی و ئاخاوتەکارییەکەی.

ئەم تەرزە لە مەرجەکان ئەوانەن کە ئۆستین ناویاندەبا بە مەرجەکانی سەرکەوتن و پێشێلکردنی هەر مەرجێکیان دەبێتەهۆی تەرزێك لە تەرزەکانی شکستهێنان وەك ئەوەی کردەکە بوونی نەبێ یان تەنیا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی لەڕستەدا بەکاربێت یان هیچ کاریگەرییەکی نەبێت.( جاك موشلێر، ١٩٨٥، ٢٤)، کردەوەی زمانی لەو گوتە ناوەسفییانەدا خۆی دەنوێنێ کە ناکرێ هیچ بەهایەکی ڕاستییان بدەینەپاڵ و سروشتێکی بەدیهێنانیان هەیە، واتا ئەو وتانەی کە گوتە و کردە تێکەڵ بەیەکدی دەبن. ئۆستین گەیشتۆتە ئەوەی لە ناو کردەی زمانییدا کە زۆر بەربڵاون ئاشنایەتیی لەگەڵ سێ کردەی هاوکاتییدا پەیدابکات و بیانناسێ: کردەی گوتەیی و کردەی کاریگەریی و کردەوەی بەدیهێنەری یان کردەوەی دەربڕانە(زمانی)کان. کردەی بەدیهێنان – کە بریتییە لە چەمکی تەوەر و بنکەیی لە تیۆرەکە- کردەی بەدیهێنراو لە ناو زماندا بەهۆی قسەکەرەوە یان بریتییە لە هێزی بەدیهێنانییەکەی، ئەمە لە بەرامبەر کردەی کاریگەریی بەدیهێنراو بەهۆی قسەوە. هەرچی سەبارەت بە سۆرلە، کردەوە بەدیهێنراوەکان وەك ئەوەی خوارەوەن:

- کردەی گوتەیی: ئەوەیە ئێمە وشە و ڕستەگەلێك بێژەدەکەین.

- کردەی پەیوەست بەناوەڕۆك: پێکدێ لە هەڵگرتن و ئیحالەکردن

- کردەی بەجێهێنان: دەکرێ فەرمانپێکردن یان پەیمانپێدان یان گەفلێکردن .. هتد. بێت.

ئەم کردەوانە لەیەکدی سەربەخۆ نین. ناکرێ کردەیەکی بەدیهێنان بەجێبێنین بێئەوەی لە هەمانکاتدا کردەیەکی ناوەڕۆکی و کردەیەکی گوتەیی بەجێنێنین.

لە قۆناغێکی دواتردا، ئۆستین و دواتر سۆرل و غەیری ئەو شوێنپێی ئەویان هەڵگرت، کە هەموو ئەو گوتانەی لە ژیانی ئاسایی خۆمان بەرهەمیان دێنین گوتەی بەدیهێنانن. بە شێوەیەك دەتوانین بەکورتی ئەوەی گوتمان بەم شێوەیەی خوارەوە کورتی بکەینەوە: لە ناو گوتەدا یان لە ناو ماناکەیدا دەتوانین نێوان دوو پێکهاتە جیابکەینەوە: پێکهاتەی ئۆبژێکتف و پێکهاتەی نیوان زەینی(نێوان سوبژێکتف) واتا نێوان بابەت و هێزی بەدیهێنان( یان کردەی بەدیهێنراو) و دەکرێ هێمایبکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە سروشتی قووڵی کردەکانی زمان بکۆڵینەوە و بۆ کردنی ئەم کارەیش دەبێ نێوانی دوو جۆری یاساورێسا جیابکەینەوە کە پەیوەستن بەبەرهەمهێنانی کردەی زمان: یاسا و رێسای دروستکردن و یاسا و رێسای پێوەریی(سیرێل،١٩٧٢، ٨٢). یاسا و رێسایەك دەبێتە یاسا و رێسایەکی دروستکردن سەبارەت بە شێوەیەکی دیاریکراو لە چالاکیی، کاتێ ئەگەری بوونی ئەم چالاکییە خۆی دادەمەزرێنێ و بەرێوەیدەبا و پێشێلکردنی ئەم تەرزە لەم یاسا و رێسایە دەبێتەهۆی راوەستانی چالاکییەکە. دەکرێ یاسا و رێساکانی دروستکردن بنوێنین بە یاسا و رێسکانی یاری بریدج .

ئێمە دەست لە یاریکردنی بریدج(Contract bridge) [جۆرە یارییەکی بەوەرەقە دەکرێت، لە ٥٢ وەرەقە پێکدێت و چواریاریزان دەیکەن]، هەڵدەگرین کاتێ یاسا و رێساکانی رێزیان لێناگیرێ و پێشێلدەکرێن، یاسا و رێسای پێوەریی خۆی چالاکییەکی دەرەکیی بەرێوەی دەبا سەبارەت بە یاسا و رێساکە. لێرەوە ئەو یاسا و رێسایانەی هێزی بەدیهێنانی گوتەیەك دیاریدەکەن واتا کە کردەی بەدیهێنانی بەدیهاتوو لە لایەن قسەکەرەوە لە کاتی بێژەکردنی بە رستەیەکی دیاریکراو دیاری دەکا، بریتین لە یاسا و رێسایێکی دروستکردنی بنەڕەتیی دەرحەق بە بەکارهێنانی ئەم گوتەیە. پاشان بەدیهێنانی کردەیەکی زمانی تەنیا ڕووداوێکی داوودەزگاییە واتا بوون وبەدیهێنانی پێویستە لەلایەن هەندێ لە داوودەزگایە مرۆییەکان(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٩٢) ئەگەر ڕووداوە داو و دەزگایەکان نەکرێ ڕاڤەبکرێن مەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسا و رێساکانی دروستکردنی ژێرەوەیی، بۆیە پێویستە لەسەرمان قبووڵی ئەوە بکەین کە قسەکردن بریتییە لە بەدیهێنانی گوتەگەلێکی زمانی بەپێی یاسا و رێسایە بنەڕەتییەکان(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٩٣).

بۆ نموونە ئەگەر کردەی (پەیمان)مان وەرگرت، تایبەتمەندیی پێکهاتنی بنەڕەتیی پەیمانێك ئەوەیە کە سەبارەت بە قسەکەر خۆی دەنوێنێ لە گرێبەستی پابەندبوون بە کردەیەك تەنانەت ئەگەر قسەکەرەکەیش ڕاستگۆ نەبوو لە بەڵێنەکەی واتا ئەو بەکردەیی نایەوێ رێز لە پابەندبوونەکانی خۆی بگرێ. ئەوەندە بەسە کە مرۆڤ بڵێ: " بەڵێن دەدەم کە ...."بەوە پابەندبووە لە بەرامبەر گونگرێکی دیاریکراو، پابەندبوونیش خاوەنەکەی پێبەندەکات. لێرەوە، یاسا و رێسای سەرەکیی پێکهاتنی کردەی بەجێهێنان" بەڵێن":" بەکارهێنان" ی " بەڵێن" خۆی لە پابەندبوون بە" کردەیەکی دیاریکراو" دەنوێنێ(هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٠٥).

بێژەی" بەڵێن" بریتییە لە بەرژەنگ(نیشانە)ی هێزی بەدیهێنان. هەرچی سەبارەت بە کردەی داخوازییە، بەدیهێناکەی خۆی لە هەوڵی هاندانی بەرامبەر بۆ ئەوەی کردەیەکی دیاریکراو بکات و ئەوەیش کە ناسراوە ئەوەیە قسەکەر فەرمانێك دەرناکات بۆ ئەو کەسەی لە بەردەمیەتی مەگەر بە کردەیی ئەو کەسە ئارەزوو بکات فەرمانەکە جێبەجێ بکات، هەروەها ڕوون و ئاشکرایە کە ناتوانێ فەرمانێك دەربکات بۆ بەرامبەرەکەی مەگەر لە توانایدابێت دەستەڵاتی و هەژموونی خۆی لەسەریدا پراکتیزە بکات.

زمان، بەهۆی سروشتە نەریتی و قانونی و داوودەزگاییەکەی و بەهۆی دەسەڵات و هێزی وشەکانی، پابەندە بە من و ئەوی دیکە. بەدەستەواژەیەکی دیکە، زمان هەم بۆ پابەندکردن هەم بۆ پابەندبوون بەکاردێ. دەستەڵاتی زمان یان دەستەڵاتی قسە زیاتر بۆمان دەردەکەوێ کاتێ کە لە لای هەندێ لەو پێوەر و پرنسیپانە هەڵوەستە دەکەین و ڕادەوەستین کە بە شێوەیەکی ئاسایی تەبەنی پۆلێنکردن و جیاکردنەوە لە نێوان کردەکانی زمان دەکەن(سیرێل، ١٩٨٢، -)

دەست بە پێوەری یەکەم دەکەین کە ئەویش مەسەلەی لەبەریکترڕاگرتنە لە نێوان وشە و بوبەردا. ئەم پێوەرە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی بتوانین جیاکاریی بکەین لە نێوان کردەکانی داخوازییدا (فەرمانکردن، رێگرییکردن، داواکردن، ئاگادارکردنەوە...) کە تیایاندا واقیع لەگەڵ وشەکاندا تێکدەکاتەوە و لە نێو ئەو کردە سەلمێنەرانەی کە گوتەکان تیایاندا لەگەڵ واقیعدا تێکدەکەنەوە، هەروەها ئەوەی کردەکانی بەدیهێنان کە پەیوەندیی نێوان گوتەکان و واقیعدا پەیوەندییەکی هاوتایی و هاوشێوەیی واتا هەردووکیان بەیەکەوە دەخۆن. لێرەدا تەرزی یەکەممان لە کن گرینگە کە قسەکەر وادەکات واقیع لەگەڵ گوتەکانی تێکبکاتەوە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی لەپێشەوە گوتمان دەخوا کاتێ کە زانیمان کردەی زمان خۆی لەبەدیهێنانی کارێکی دیاریکراودا دەنوێنێ واتا هەر چالاکییەك ئامانجی ئەوەیە واقیع بگۆڕێ و هەروەها کردە و چالاکییەکی قانونییە ئامانجی گۆڕینی ئەو پەیوەندییە شەرعیی و قانونییانەیە کە لە نێوان کەسانی دیاریکراو هەن.

پێوەرێکی دیکە هەیە پەیوەستە بە جیاوازیی نێوان کردەکانی زمان سەبارەت بە پلەی بەدیهێنانیان و پەیوەندییان بە داوودەزگا کۆمەڵایەتییە دەرەکییەکان. دەکرێ کردەی تەڵاقدان یان کردەی ئاوەمۆرکردن وەك نموونە بێنینەوە بۆ کردەکانی بەدیهێنانە داوودەزگاییەکان یان کردەی دەستپێکردنی دانیشتن...هتد. ئەوەندە بەسە کە پیاو بە ژنەکەی بڵێ" تۆ تەڵاقدرای" بەم شێوەیە ژنە لەڕووی شەرع و قانونەوە تەڵاقدرا و لێی حەرامبوو و دەکەونە بەر واقعێکی نوێ کە ئیدی هیچ بوونێك نامێنێ بە ناوی پەیوەندیی ژن و مێردایەتیی یان داوودەزگای زەواج. گوتەی ڕەهای قسەکەر دەبێتە کردە و ڕووداو و دەبێتەهۆی گۆڕینی واقیع و دەسکاریکردنی و هەروەها ئەنجامگەلێکی شەرعیی، قانونیی، داوودەزگایی و کۆمەڵایەتیی ترسناکی لێدێتەئارا. کەواتە بەهۆی زمان تەڵاق ڕوویدا کە کار و ڕووداوێکی کۆمەڵایەتیی و داوودەزگاییە و دەستەواژەی: " تۆ تەڵاقدرای" کردەیەکی زمانە و لە هەمانکاتدا کردەیەکی ماددی و کۆمەڵایەتییە و دەشتوانین هەمان شت سەبارەت بە کاری دەستپێکردنی دانیشتنەکە بڵێین کاتێ کە سەرۆکی دانیشتنەکە دەستپێکردنی دانیشتنەکە ڕادەگەیەنێ بە گوتنی ئەم قسەیە: " بەناوی خودا دەست بە دانیشتنەکان

دەکەین. دانیشتنەکە دەستپێکرا ودەست بەکارەکانی کرا. دەستەواژەی پێشوو هەم قسەیە هەم کردەوەیە. ناکرێ ڕێکارەکان دەستپێبکەن و شاهێد و پارێزەر و تۆمەتباران شایەتیەتی و گوتە و ڕاووبیروبۆچون و حوکمدانەکانیان بدەن و بڵێن و دەربڕن، مەگەر دوای ئەوەی کاری دەستپێکردنی دانیشتنەکە وەردەگرن لە لایەن سەرۆکی قسەکەر بەهۆی زمان( واتا کردەی ئاخاوتەیی).

پێوەرێکی سێیەم هەیە. ئەمجارە ئەم پێوەرە پەیوەستە بە پابەندبون و پابەندپێکردن لە بەڵێندا، قسەکەر پابەند دەبێت بە کردنی کارێکی دیاریکراو، هەرچی داخوازییە، قسەکەر واله ئەوی دیکە دەکات ئەو کارە بکات. کاتێکیش بابەتەکە پەیوەستە بە پابەندبوون، گوتەکان لەڕووی پلەی پابەندبوون تیایاندا جیاواز دەبن، بۆ ئەم مەسەلەیە، ئەم دوو نموونەیە وا لە خوارەوە دەهێنینەوە:

- پێشنیار دەکەم بچینە شانۆ.
- دەبێ هەر بچینە شانۆ.

ئەگەر لە نێوان ئەم نموونەیە بەراووردمان کرد، بۆمان دەردەکەوێ کە نموونەی دووەم پابەندبوونێکی زیاتر لەخۆ دەگرێ.

هەروەها مەسەلەی باری قسەکەر و ئەویدیکە لەئارادا هەیە. لەم چوارچێوەیەدا، ئەم دوو شتە لێکجیادەکەینەوە؛ داواکاریی کە بە شێوەیەکی ئاسایی لە سەردەستەوە بۆ بندەستەیە یان لە هاوڕێیەك بۆ هاوڕێیەکە و کاری داخوازیی کە لە سەردەستەوەیە بۆ بندەستەکەی بەپێی ئەو دەسەڵاتەی قانون پێیداوە، هەروەها بەپێی دەسەڵاتی داوودەزگایی.

لەمە هەمووی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەواڵدان ناکرێ بە تاکە ئەرك وەزیفەی زمان دابنێین، هەروەك زۆرێك لە نموونەکانی زمان وایبۆچووینە. زمان تەنیا کۆدێك Code ە، بەڵکو ناکرێ هەواڵدان بە یەکەم و سەرەکیترین ئەرك و وەزیفەی زمان دابنێین. زمان بەکاردێنین بۆ بەدیهێنانی کارگەلێك و گۆڕینی واقیع یان گۆڕینی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەم واقیعەدا و کارتێکردن لە ئەوانی دیکە و شتەکان. لێرەدا دەسەڵات و هەژموونی زمان و هێزی وشەکانی دەردەکەوێ. (ئەبوبەکر ئەلعزاوی، ٢٠٠٦، ١٢٦).

## ئەنجام

١- هونەری رازیکردن پێویستی بە قۆناغ و هەنگاوی جیاواز هەیە بۆ گەیاندنی پەیامەکە.

٢- ئەو پەیامەی کە بەنیازین بیگەیەنین، پێویستە بزانرێت ئاراستەی چ توێژێک دەکرێت و تەمەن و ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیری لەبەرچاو بگیرێت.

٣-لە کردەی ئاخاوتەییدا، ئاخێوەر پابەند دەکا بە کردنی کارێکی دیاریکراوو پێوەری پەیوەست بە پابەندبوون و پابەندپێکردن جێبەجێدەکرێ. ئەمەش مەبەستە سەرەکییەکەیە لە رازیکردنی بەرانبەردا.

٤-ئاخاوتن بریتییە لە بەدیهێنانی گوتی زمانی بەپێی یاسا و ڕێسایە بنەڕەتییەکان.

٥-جیاوازیی نێوان کردەکانی زمان سەبارەت بە پلەی بەدیهێنانیان و پەیوەندییان بە داموودەزگایە کۆمەڵایەتییە دەرەکییەکانەوە هەیە.

٦- لە کردەی ئاخاوتەییدا وشە و واقیع بەرانبەر یەکتر دەوەستن و تێکدەکەنەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

بەزمانی کوردی:

- دزەیی، عەبدولواحید موشیر،٢٠١٥، لێکۆڵینەوە پراگماتیکییەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، چاپی یەکەم، ساڵی.

بەزمانی عەرەبی:

- ابو عرقوب، ابراهيم، ١٩٩٣، الاتصال الانسانى و دوروه فى التفاعل الاجتماعى، دار مجد الاوئى عمان.
- ابوبكر العزاوي، ٢٠٠٦، اللغة و الحجاج، الطبعة الاولى دار البيضاء.
- جمعه سيد يوسف، ١٩٩٠، سايكولوجيه اللغه و المرض العقلى، سلسله عالم المعرفه، العدد ١٤٥، المجلس الوطنى للثقافه و الفنون و الادب، الكويت.
- جيهان ئەحمەد رشتى ،١٩٧٥، الاسس العملية لنظريات الاعلام، دار الفكر العربي.
- خريف حسين، ٢٠٢٠، مقياس الاقناع اونلاوين.
- د.عامر مصباح ،٢٠٠٥، الاقناع الاجتماعي، خلفيته النظرية وآلياته العلمية، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر.
- سيغمۆن فرۆيد، ٢٠٠٦، علم النفس الجماهير، ترجمة و تقديم، جورج طرابيشي، الطبعة الاولى، الطليعة للطباعة و النشر، بيروت.
- علي عجوة، ١٩٨٥، دراسات في العلاقات عامة و الاعلام، القاهرة، عالم الكتب.
- ليلى شحرور، ٢٠٠٩، فن التواصل و الاقناع، الطبعه الاولى، دار العربيه للعلوم، ناشرون، بيروت.
- محسن الكناني، ٢٠٠٩، جمهور وسائل الاتصال الجماهيري، البنية المفاهيمية، كلية الاعلام، جامعة بغداد.
- محمد عبدالرحمن عيسوي، ١٩٤٧، دراسات في علم النفس الاجتماعية، دار النهضة العربية، بيروت.
- محمد هشام ابو القمبز، ٢٠١٩، فن التوصيل مع الاخرين، كلمات العربية.
- موشلر، جاك و ريبول، آن ،٢٠١٠، القاموس الموسوعي التداولي، تر:د آشراف عزالدين المذوب، منشورات, دار ستناترا، تونس، ط٢.
- ميشال لۆنانت،١٩٩٣، الاعلام الاجتماعي، ترجمة؛صالح بن حليمه، مراجعة؛ مصطفى المصمودي، المنظمة العربية للتربية و الثقافة و العلوم. ادارة الثقافة، تونس.

بەزمانی ئینگلیزی:

Aspect:

Some of our speeches are aimed at obtaining approval for an idea or action we are doing, which is called the art of persuasion. One of the aspect that has a role to play in approaching the recipient in the message to be convinced of the sender's message and to obtain the recipient's consent is the speeches that we use in the course of our discussions and speeches, and more assumptions are made of obtaining the recipient's consent, because we will do an action with the speech,Some of these actions will be enjoyed by the recipient, and because of that we can get the recipient's approval, for example, his actions (promises, thanks, praise, welcoming... etc.) have a direct role in convincing the receiver . Getting approval is also an art of satisfying art, which today is in many different ways and different channels. This art is used for the benefit of the interests and desires of the sender, whether at the individual level or society or social, political, commercial institutions... etc, various ways and different channels have been put into place.



- Steve-Butterfield, 2009, the Complet Idiots Gudit to Persuasion, Booth Penguin Group, New York.
- Gilse. D: 2003, Media Psychology, Lawrence Erlbaum Associates, New Jersey.
- Bernays. E.L, 1928, Propaganda, Horace Liveright, New York.
- Ducrot, O; 1972 dire ET ne pas dire, Hermann, Paris.
- Searle.J.R:1972, Les actes de langage, Essai de philosophie du langege Hermann, Paris.
- Moeschler. J: 1985, Argumention ET conversation, Hatier, Paris.
- Searel.J.R:1982, Sens ET expressions, Minuit, Paris.
- Nasro, M.O: 2001, Communiation skilis, Dar Safa, Amman



ملخص

جزء من كلامنا يكون لغرض الحصول على إرضاء المستقبل حول فكرة او فعل ما، وتسمى هذه المحاولة بفن الاقناع. احدى الجوانب التي لها دور في تقريب المستقبل كي يقتنع برسالة المرسل ويحصل على إرضاء المستقبل، هي الافعال الكلامية التي نستخدمها اثناء الحوارات والمحادثات وتزداد فرضيات الحصول على إرضاء المتلقي، لأننا نستخدم افعالا مع الكلام، وبعض تلك الأفعال يسر المستقبل او المتلقي وبسببه نستطيع الحصول على رضا المستقبل، على سبيل المثال (الوعد، الشكر، المدح، الأستقبال.... الخ) لها علاقة مباشرة بقناعة المستقبل. والحصول على الأرضاء فن من فنون الأقناع التي لها أوجه عديدة وقنوات مختلفة في يومنا هذا. يستخدم هذا الفن لأجل مصلحة المرسل ورغبته، سواء كان على مستوى الفرد او المجتمع او المؤسسة الأجتماعية او السياسية او التجارية ... الخ، و خصصت لها طرق وقنوات مختلفة.